# بنەماکانی پەروەردەیی

# اسس التربية

## قۆناغی یەکەم

- ووشەی پەروەردە چەندین پێناسەی بۆ دانراوە
- هەر زانایەك بە بۆ چوونی خۆی پێناسەی پەوەردەی کردووە (جەستەیی، عەقلی).
- وە لە گەڵ بوونی جیاوازی لە پێناسـەکان زاناکـان کۆکن لە سـەر هــەندێ خـاڵ:
- پەروەردە تایبەتە بە مرۆڤ
- ئەو پرۆسەیە لە کەسێکەوە دەگوازرێـەوە بۆ کەسێکی تر
- ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەیەکی ئامانجدار دەژمێردرێت

- له بەر ئەوەی پرۆسەی پەروەردەی له کۆنەوە هەبووە

پێناسەی فروبل :

(پەروەردە پرۆسەیەکە تیایدا توانستە شاراوەکان وەك گوڵی درەخت دەکرێتەوە)





هربرت سبنسر ( پەروەردە هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە بۆ خۆمان و کەسانی تر دەیکەین بۆ ئەوەی بگەینە تەواوی سرووشتمان ،

وئامادەکردنی تاکە بۆ ژیانی داهاتووی .



جون دیوی ( پەروەردە کۆمەڵە
پرۆسەیەکە لە رێگەیەوە کۆمەڵگا
یان چەند کەسانێك هەڵدەستن
بە گواستنەوەی دەسەڵات و
ئامانجەکانیان بۆ کەسانی تر بە
مەبەستی پارستنی بوونیان و
گەشەکردنیان لە ژیان ) .



له پێناسه هاوچەرخەکانی پەروەردە:

( پەروەردە گەشەکردنی کەسایەتی کۆمەلاّیەتی مرۆڤە تا دەگاتە لوتکەی توانست وئامادەباشیەکانی، بە جۆرێك کەسایەتی داهێنەر و بەرهەم هێنەری پێشکەوتوو بۆ کۆمەڵگا پێدەگەینێت )



## گرنگی پەروەردە :

پەروەردە پرۆسەیەکی گرنگە بۆ تاك و کۆمەڵگا ، چونکە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی و کلتوری کۆمەڵگایەکەی بپارێزێت ،

پەروەردە پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت پێداویستیەکانی ژیان جێ بەجێ بکات ، وە ڕەفتارەکانی بەپێی پێوەری کۆمەڵگای ڕێك بخات



وە ئەگەر بمانەوێت گرنگی پەوروەدە باس بکەین دەتوانین بەم خاڵانە بخەینە روو :-

- کلتووری مرۆڤایەتی لە رێگەی بۆماوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ناگوازرێتەوە واتە داب و نەریت و سیستمی کۆمەڵایەتی ، وەك رەنگی چاو قژ ناگوازرێتەوە بەڵکو پێویستی بە سیستمێکی پەروەردەیی هەیە بۆ ئەوەی بە رێك وپێکی بگوازرێتەوە .



مرۆڤ له كاتی له دایك بوونی دا چەندین پێویستی جیاجیای هەیە ، بەتایبەتی پێویستی بە چاودێری بەردەوام هەیە لە دوای لەدایك بوونی، وە لە بەر ئەوەی قۆناغی منداڵی لای مرۆڤ زۆر دەخایەنێت بە بەراورد لە گەڵ بوونەوەرەكانی تر، پێویستە منداڵ بە بەردەوامی پەروەردە بكرێت بۆ ئەوەی بۆ ژیانی كۆمەڵایەتی ئامادە بكرێت .



- ژیانی مرۆڤایەتی زۆر ئالۆزە و  بەردەوام لە گۆڕانکاری  دایە ، بۆیە پێویستە بەردەوام تاك ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت فریای ئەم گۆڕانکاریانە بکەوێت کە لە دەوروبەری روودەدات .



# ئامانجی پەروەردە

لە بەر ئەوەی هەموو کۆمەڵگایەك کۆمەڵگایەك **فەلسەفەو سیستمیٚ** کۆمەڵایەتی جیاوازی هەیە **ئامانجە پەروەردەییەکانیش** لە ناو ئەو کۆمەڵگایانە جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت بۆیە لە ناو خودی **پەروەدکارەکان بۆچوونی جیاواز** هەیە سەبارەت بە ئامانجەکانی پەروەردە ، وکاتی دەمانەوێت باسی ئامانجی پەورەدەیی بکەین پێویستە بزانی ئەم ئامانجە **سەرچاوە فەلسەفیەکەی** لە کویٚ وە هاتووە .



له سەرەتای سەدەی بیست ویەك هەر دوو زانا ( ویسلر و الیکساندەر )
هەولیاندا چەند بوارێك دەستنیشان بکەن کە سەرچاوەی ئامانجە
پەروەردەییەکان لی هەڵدەقوڵیتەوە :-



## ١. بواری گەشەی کەسیەتی :

واتە دۆزینەوەی ڕێبازێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ بنیادنانی چەمکێکی ڕاست ودرووست بۆ خودی مرۆڤ

ئەم بوارەش چەندین هەلی فێربوون لە خۆی دەگرێتەوە لەوانە (فێربوونی هونەری پەیوەندی، ئامانجە گشتیەکانی پەروەردە ، ڕێزگرتن لە بەهاکان، خزمەت گوزاری ڕێنمایی، تەندرووستی و پەروەردەی جەستەیی )

